North America Committee of Komala Party – Iranian Kurdistan



# ڕێو ڕەسمی یادی هاوری خوشەویست "ڕۆژین گەرمیانی" بەگەرمی بەڕێوەچو

سەر لە ئیواری ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٢٨-٠٥-٢٠٠٦ مراسمیک لە لایان کۆمیتەی مەڵبەندی کۆمەڵە لە باکوری ئامریکا و بنەماڵەی ڕۆژینی خوشەویست بەبونەی مەرگی نا بەوختی بە بشداری نیزیکەی ٣٠٠ کەس لە شاری تورنتوی کانەدا دەستی پیکرد.

سەرەتا هاوری ارشد وەک بەڕێوەبەری مەراسیمەکە بەخیرهاتنی میوانان و بشدار بووانی کرد و ریز و سپاسی لە ئەو کەسانە کرد کە لە ڕۆژی لە دەست چونی ڕۆژینی خوشەویست بە جورەکانی بەر چاو لە غەمو ماتمی ئیمە و بنەماڵەکەیدا بشدار بون. بەرنامەکە بە یەک دەقیقە بیدەنگی و راوەستان بو یاد و ئیحترام لە ڕۆژین دەستی پیکرد.

لە نیوان بەرنامەکەدا بروسکەی سەرەخوشی لە لایان بەریوەبەری مەراسیمەکە و بەرپرسی کۆمیتەی مەڵبەندی کۆمەڵە لە باکوری ئامریکا کاک سەلاحی کەیخوسرەویی و میوانان و بشداربوان پیشکەش دەکرا. لە لایان هاوری مەجیدی گەرمیانی باوکی ڕۆژین و هەروها لە لایان هاوسەری ڕۆژین سپاس و پی زانی زور لە بشداربوانی مەراسیمەکە کرا. هەروەها لە لایان هاوسەری ڕۆژین ژیان نامەی ئەو خوشەویستە لە سەرەتای لە دایک بوونی هەتا پیک هینانی ژیانی هاو بەش و ژیانی لە تاراوگەیان پیشکەشی بەشدار بوانی کرد.

لە درەیژی مراسیمەکەدا بروسکەی سەرەخوشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران (کۆمیتەی " ئانتاریو") لە لایان بەریز رەحیم بهروز نیونەری حیزب پیشکەش کرا. پارچە شیعریک بو یادی

ڕۆژینی جوانه مەرگ لە لەیان هاوڕی عوسمانی موزەفەری ئەندامی کۆمەڵە پیشکەشی ئامادەبوانی کرا.

لە بەشیکیتر لە مراسمەکەدا فیلمی مراسمەکانی سالروژی کۆمەڵە لە کانەدا کە لەپیشدا ئامادە کرابو؛ نیشاندرا کە هاوڕی ڕۆژین وەک بەڕیوەبەری بەشی فارسی مەراسمەکان تیدا چالاکی هەبو.

بەناردنی پیامی سەرەخوشی مالی کورد لە تورنتوی کەنادا و پیشکەش کردنی لە لایان کاک نورەالدین بە شی دووهەمی بەرنامەکە دەستی پیکرد. بەڕیوەبەری بەرنامە کە لەسەر چالاکیکانی ڕۆژینی خوشەویست لە سەردەمی ژیانیدا بو ئامادا بوان دوا. دواین بەشی مەراسمەکە بەچونە سەرمەزارەکەی لە لایان بشدار بوانی مەراسمەکە و بنەمالەکەی و هاوڕییانی بۆ پیشکەش کردنی تاجە گولینەکانی خویان بوسەر مەزاری ڕۆژین کۆتایی پیهات. شایانی باسە وینەکانی ڕۆژین و تاجەگۆڵەکان ڕازینەرەوی سالونەکە بون کە کەشو هەوایەکی تایبەتوە بیرهینەرەوی بیرەوەریەکانی ڕۆژینی زیندوو دەکردەوە.

جاریکیتر سپاس و پیزانیی خومان وەک کۆمیتەی مەڵبەندی کۆمەڵە لە باکوری ئامریکا و بنەمالەو کەسو کارو سەرجەم هاوڕییانی لە کانەدا بۆ بەشداری کردنتان لەو مەراسمە و ئەو کەسانەی لە ریگای جوارو جورەوە سەرە خوشیان لی کردین و هەلگری ئەو غەمە قورسە لە گەڵمانبوون دەر دەبرین و هیوامان سەرکەوتنی گیشت لایەکە.

## بەرزو بەریزبیت یاد و بیرەوریەکانی "روژینی" خۆشەویست

### بروسکەکانی سەرەخوشی بریتی بون لە:

1. پیامی سەرەخوشی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
2. پیامی سەرەخوشی هاوڕییانی کۆمیتەی ستۆکهۆڵم کۆمەڵە
3. پیامی سەرەخوشی کۆمیتەی مەڵبەندی باکووری ئەمریکا
4. پیامی سەرەخوشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران (کۆمیتەی " ئانتاریو")
5. پیامی سەرەخوشی ماڵی کورد لە تورنتوی کانادا
6. پیامی سەرەخوشی دۆستان و هاوکارەکانی ڕۆژین

کۆمەڵەی شۆڕشگیڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران
کۆمیتەی مەڵبەندی باکووری ئەمریکا
۳۰-۰۵-۲۰۰۶
**Tele & Fax:** (416) 850-9980
E-mail: northamerica_komala@yahoo.com


28 7:34PM


28 7:47PM


28 7:42PM

